زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ژمارە ٩٦

حوکمی

خوی نهێنی - العادة السرية

دەرهێنانی مەنی بە دەست - إستمناء



نوسینی

م. هەڵگورد مصطفى گەلاڵەیی

٢٠١٧

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

به پشتیوانی خوای گەورە لەم نامیلکەیە دا بە کورتی باسی پێناسەی (إستمناء) و حوکم و زەرەر و زیان و چارەسەریەکانی دەکەین .

پێناسەی استمناء

إستمناء: واتە: دەرهێنانی ئاوی مەنی لە لەش بە دەست یان بە هەر شتێکی تر بە شەهوەتەوە ، وە پێشی دەوترێت (العادة السرية) واتە: خووی نهێنی ، وە پێشی دەوترێت (دەست پەڕ) یان (خۆ ڕەحەت کردن) یان دامرکاندنەوەی شەهوەت بە دەست یان بە هەرشتێکی تر .

حوکمەکەی لە ڕووی شەرعەوە

زانایان فەرموویانە ئەم کار بە بەڵگەی قورئان و سوننەت دروست نیەو حەڕامە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ ، إِلَّا عَلَىٰ أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴾. المؤمنون: ٤-٦.

واتە: ئەوانەی عەورەتیان دەپارێزن لە ناشەرعی تەنها لە خێزانەکانیان و کەنیزەکەکانیان نەبێت ئەوانە لەمەدا هیچ لۆمەیەکیان لەسەر نیە ، وە هەر کەسێك بەدوای جگە لەمەدا بگەڕێت و عەورەتی تێدا بەکار بێنێت ئەوا ئەوانە سنووری خوایان شکاندووە و تەعەداو ستەمیان کردووە .

زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت فەرمویانە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر کەسێك شەهوەتی لە جگە لە خێزان یان کەنیزەك سەرف بکات ئەوە سنوری شەرعی بەزاندووە و لەلایەن خوای گەورە لۆمە کراوە کە فەرموویەتی: ﴿فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَاءَ ذَٰلِكَ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ﴾. المؤمنون:٧. واتە: هەر کەسێك شەهوەتی لە غەیری خێزان و

کەنیزەکی بەکار بهێنێت ئەوە سنوری خوای بەزاندووەو شتێکی نەشیاو و ناشەرعی کردووە
.

وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّـهُ مِن فَضْلِهِ﴾. النور:٣٣.

واتە: ئەوانەی توانای هاوسەرگیریان نیە با ئارام بگرن و داوێنی خۆیان پاك ڕابگرن هەتا خوا بە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندیان دەكات و هاوسەرگیریان بۆ ئاسان دەات .

- ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا مرۆڤ ئەگەر توانای هاوسەرگیری نەبوو ئەوە دەبێت ئارام بگرێت و داوێنی خۆی پاك ڕابگرێت و شەهوەتی لە ناشەرعی سەرف نەكات
.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هانی گەنجانی داوە بۆ هاوسەرگیری ئینجا لە کۆتایی فەرموودەکە دا فەرموویەتی هەر کەسێك توانای هاوسەرگیری نەبوو ئەوە با بەڕۆژوو بێت چونکە بەڕۆژوو بوون دەبێتە هۆکاری نەمانی شەهوەت یان کەم کردنەوەی ، کەواتە بۆ چارەسەری دامرکاندنەوەی شەهوەت بەڕۆژوو بوونی داناوە نەك شتێکی تر وەکو ئاو هێنانەوەی مەنی بە دەست .

زەرەرو زیانەکانی إستمناء

١) هەست کردن بە پەشیمانی و خەفەت باری .

٢)زوو هەڵچوون و تورەبوون .

٣)توش بوون بە نەخۆشی دەروونی .

٤) لاواز بوونی بینین و بیستن .

٥) بێ توانایی لاشەو تووش بوون بە نەخۆشی فەقەڕات .

٦)زوو هاتنەوەی ئاوی مەنی لەکاتی سەرجێی کردن لەگەڵ خێزاندا .

٧)کەم خوێنی و ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان .

٨) نەمانی ئارەزووی خواردن .

٩) تووش بوون بە ئلتیهابی پڕۆستات .

وە زۆر زیانی تر ...

چارەسەریەکانی

١) خۆپاراستن لە سەیرکردنی حەرام.

٢) بەرۆژووبوونی ڕۆژووە سونەتەکان .

٣) زۆر قورئان خوێندنەوەو گوێ لێ گرتنی .

٤) سەرقاڵ بوون بە فێربوونی زانستی شەرعیەوە .

٥) زۆر زیکرو یاد کردنی خوای گەورە .

٦)دوور کەوتنەوە لە هاوڕێی خراپ .

٧) دوعا و پاڕانەوە لەخوای پەروەردگار .

٨) شەو نوێژ کردن و زۆر ئە نجامدانی کردەوەی چاك .

٩) دوور کەوتنەوە لەهەموو گوناهێك .

١٠) هەوڵدان بۆ زوو هاوسەرگیری کردن .

تێبینی :-

١) هەر کەسێك توشی کاری إستمناء بوو غوسڵی لەشگران بوونی لەسەر واجب دەبێت و دەبێت خۆی جوان بشوات و سەرو هەموو لاشەی جوان بشوات .

٢) هەر کەسێك لەکاتی بەڕۆژوو بونیدا لەمانگی ڕەمەزان دا ئەو کارەی ئە نجام دا زۆرێك لە زانایان فەرموویانە ڕۆژووەکەی دەشکێت و دەبێت دواى ڕەمەزان بیگرێتەوە. الشرح الممتع: ٦/٢٣٤.

وصلى الله على نبينا محمد و على آله وصبحه وسلم

نوسین و ئامادەکردنی : م هەڵگورد مستەفا گەلاڵەیی.

لە بلاْوکراوە خێریەکانی پەرتوکخانەی دێرین – سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠